ژمارە : ٢٠١٦ / MOEK-DEX ٢٣ /
ڕێکەوت: / / ٢٧٢٠ کوردی

العـدد: ٢٠١٦
التأريخ: ٢ / ٣ / ٢٠٢١

وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان
دەرکردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەکان

**بۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی: هەولێر- سلێمانی-دهۆک-گەرمیان-هەڵەبجە-ب.خوێندنی کوردی لە کەرکوک**
**ب/ ساڵنامەی تاقیکردنەوەکانی ساڵی خوێندنی ( ٢٠٢١/٢٠٢٠ ) تایبەت بە قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکانی سیستەمی وەزارەتی پەروەردە (لۆکاڵیەکان)**

لەبەر بەرژەوەندی گشتی قوتابیان و خوێندکاران و بەهۆی دواکەوتنی چەند قوتابخانەیەک لە خوێندنی ئۆنلاین بریاردرا کارکردن بە نووسراومان ژمارە (١٧٢٨) لە ٢٠٢١ /٢/٢٤ ڕابگیرێت. تەنها کار بە ساڵنامەی تاقیکردنەوەکانی فەرمانی وەزاری ژمارە (٢٣) لە (٢٠٢١/١/١٤) دەکرێت بۆ قوتابخانە ناحکومییەکان( لۆکاڵییەکان)ی سەر بە وەزارەتی پەروەردە بەم شێوەیەی لای خوارەوە :

١- **قۆناغی ( ١ و ٢ ) ی بنەڕەتی:**

- تا ڕێکەوتی( ٢٠٢١/٤/٢٩) وەرزی یەکەم دەخوێنن و لەو ماوەیەدا چوار هەڵسەنگاندن ئەنجام دەدرێت .
- لە (٢٠٢١/٥/١) تا ڕێکەوتی (٢٠٢١/٨/١) وەرزی دووەم دەخوێندرێت و لەو ماوەیەدا چوار هەڵسەنگاندن ئەنجام دەدرێت.

٢- **قۆناغی ( ٣ بنەڕەتی تا ١١ ئامادەیی ) :**

- ڕێکەوتی (٢٠٢١/٤/١) وەرزی یەکەم تەواو دەکەن. بە پێداچوونەوە بە وانەکانی ئۆنلاین و تاقیکردنەوەی(٢٠) نمرەی نووسینەکی و (٢٠) نمرەی هەڵسەنگاندن ئەنجام دەدەن، (ئەگەر هەر قوتابخانەیەک (٢٠) نمرەی هەڵسەنگاندن بە ئۆنلاین ئەنجامدابێت،دەتوانرێت هەژماربکرێت) بۆ قۆناغی ٣ی بنەرەتی چوار هەڵسەنگاندن لەسەر ٢٥%نمرە ئەنجام دەدرێت. و تاقیکردنەوەی (٦٠) نمرەی کۆتایی وەرزی یەکەم، بە پێی ئەو ڕێککەوتانە ئەنجامدەدرێت :
- لە( ٢٠٢١/٣/٢٣) تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرزی یەکەم دەستپێدەکات تا ڕێکەوتی (٢٠٢١/٤/١)
- لە (٢٠٢١/٤/٣) دەست دەکرێت بە خوێندنی وەرزی دووەم و (٢٠) نمرەی نووسینەکی و (٢٠) نمرەی هەڵسەنگاندن بۆ ئەو قۆناغە ئەنجام دەدرێ.
- لە (٢٠٢١/٦/٢٠) تا( ٢٠٢١/٦/٣٠)تاقیکردنەوەی خولی یەکەمی وەرزی دووەم ئەنجامدەدرێت.

٣- **قۆناغی (٩) بنەڕەتی :**

بە هەمان شێوازی خوێندنی قۆناغی (٣ ی بنەڕەتی تا ١١ ئامادەیی) حکومی دەبێت، لە وەرزی یەکەم و دووەم (٢٠ ) نمرەی نووسینەکی و (٢٠) نمرەی هەڵسەنگاندن ئەنجامدەدەن .

- تاقیکردنەوەی وەرزی یەکەم و دووەم لەسەر (٦٠) نمرە ئەنجام نادرێت هاوشێوەی قوتابخانە حکومییەکان.
- لە (٢٠٢١/١١/١٦) تاقیکردنەوەی نیشتیمانی ئەنجام دەدەن و دابەشکردنی نمرەکانیش بەم شێوەیەی دەبێ :

(٤٠) نمرەی وەرزی یەکەم و (٤٠) نمرەی وەرزی دووەم = (٨٠) نمرە ،دابەشی سەر دوو دەکرێت بۆ دەرهێنانی نمرەی کۆشش، تاقیکردنەوەی نیشتیمانی لە سەر ( ٦٠) نمرە دەردەهێنرێت ( دەبێ تاقیکردنەوەی نیشتیمانی لەسەر ١٠٠ نمرە ئەنجام بدرێت و پاشان لە کۆنترۆلی نیشتمانی بەرێژەی (٦٠%) نمرە هەژمار دەکرێت) .

| | | |
|---|---|---|
| حکومەتی هەرێمی کوردستان - عیراق<br>ئەنجومەنی وەزیران<br>وەزارەتی پەروەردە<br>بەرێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەکان<br>بەرێوەبەرایەتی ئەزموونەکان | | حكومة اقليم كوردستان-العراق<br>مجلس الوزراء<br>وزارة التربية<br>المديرية العامة للأمتحانات<br>مديرية الامتحانات |

ژمارە : ٢٠١٦ / MOEK-DEX ٢٣ /     العـدد: ٢٠١٦

ڕێکەوت: / / ٢٧٢٠ کوردی     التأريخ: ٢ / ٣ / ٢٠٢١

دەرکردە — وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان — بەرێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەکان

٤- **قۆناغی (١٢) ئامادەیی :**

بە هەمان شێواز و ڕێکەوتەکانی قۆناغی (١٢ ئامادەیی) حکومی دەبێت :

- لە (٢٠٢١/٣/٢٩) تا ڕێکەوتی (٢٠٢١/٤/٧) و ( بە پێی خشتەیەکی تایبەت ) تاقیکردنەوەی وەرزی یەکەم ئەنجام دەدرێت .
- لە (٢٠٢١/٤/١٠) دەسپێکی خوێندنی وەرزی دووەم دەبێت.
- لە ڕێکەوتی (٢٠٢١/٦/١٩) تا ڕێکەوتی (٢٠٢١/٦/٢٨) و (بە پێی خشتەیەکی تایبەت) تاقیکردنەوەکانی وەرزی دووەم ئەنجامدەدرێت.

٥- هەموو ئەو قوتابیانەی کە بەخێوکەرەکانیان فۆرمی بەڵێننامەیان پڕکردۆتەوە کە بە خوێندنی ئەلیکترۆنی و ئۆنلاین و پاڵپشتی بەردەوام دەبن، تاقیکردنەوەکانیان لە سەر (٢٠) نمرە دەبێت و و تاقیکردنەوەی نووووسینەکی کۆتایی وەرزەکان لەسەر (٨٠) نمرە دەبێت،واتا ئەو قوتابیانە (٢٠) نمرەی هەڵسەنگاندنیان نامێنێت .

٦- هەر قوتابخانەیەکی ناحکومی لۆکاڵی (سیستەمی وەزارەتی پەروەردە) بە شێوازی ئۆنلاین(لایف)، وەرزی یەکەمی نەخوێندبێت، پابەند دەبێت بە بەرنامە و خشتەی قوتابخانە حکومییەکان .

**لە گەڵ ڕێزدا.....**

٢/٣

**د.سەیوان علی رضا**
**بریکـــاری وەزارەت/**
**ب. گشتی ئەزموونەکان بە وەکالەت**

وێنەیەک بۆ:-

- نووسینەگەی بەرێز جەنابی وەزیری پەروەردە .لەگەڵ ڕێزدا
- نووسینەگەی بەرێز بریکاری وەزیری پەروەردە .لەگەڵ ڕێزدا
- بەرێوەبەرایەتی گشتی دیوان.لەگەڵ ڕێزدا.
- ب.ئەزموونەکان.لەگەڵ هاوپێچ.
- خولاو